**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە: ٤٢٤ لە ٢٠٢١/٢/١١**

پاڵپشت بە ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو**

**ماددەی(١):** بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەکرێت، لەدوای دەرچوونی فەرمانی وەزاری مینحەی بۆ دیاریدەکرێت،پاش پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی(٢):**

**یەکەم:** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە دوای تەواو بوونی ماوەی (١٠)ساڵی مینحەکەی ئەگەر هیچ مووچەیەکی تری نەبوو مینحەی خانەنشینی مانگانەی بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ئەگەر فەرمانبەر بوو پاش تەواو بوونی ماوەی (١٠)ساڵی مینحەکەی ئەگەر مینحەی خانەنشینی مانگانەی زیندانی سیاسی هەڵبژارد راستەوخۆ کۆتایی بەراژەکەی دەهێنرێت .

**ماددەی(٣):** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە شەهید تۆمار دەکرێت وارسەکەی تەنها بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سودمەند دەبێت.

**ماددەی(٤):** ئەو زیندانیکراو و گیراوی سیاسیانەی کە رزگاربووی شاڵاوەکانی ئەنفالن ئەگەر لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند بوون لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکرا و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو سوودمەند نابن.

**ماددەی(٥):** ئەو منداڵەی لەزینـدان لە دایـک بووبێـت، وەک گیـراوی سیاسـی تۆمـار دەکرێـت، ئەگەر لە کاتی لە دایکبوونیدا دایکی زیندانیکراوی سیاسی یان گیراوی سیاسی بووبێـت.

**ماددەی(٦):** ئەو کەسانەی حـوکمی (غیـابی) دراون بەڵام زینـدانی نەکـراون بە زینـدانیکراوی سیاسـی تۆمار ناکرێن.

**ماددەی(٧):** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە کاتی تەواوبوونی ماوەی مینحەکانیـان بە هەرهۆکارێـک بێت ناو و دۆسیەکانیان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەمێنێتەوە.

**ماددەی(٨):** لە کاتی کۆچی دوایی زینـدانیکراو و گیـراوی سیاسـی بەپێـی یاسـای خانەنشـینی بەرکـار مامەڵە لەگەڵ وارسەکانیان دەکرێـت.

**ماددەی(٩):** ئەو زیندانیکراو  و گیـراوە سیاسـیەی کە میـنحەی هەیە لە حکـومەتی عێراقـی فیـدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لە یەکێکیان سوودمەند دەبێت.

**ماددەی(١٠):** کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(١١):** ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجێدەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**
**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**